حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

---

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٦٩) لە ٢٠٢٢/٩/٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩١) لە ٢٠٢٢/٩/٧، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە نووسراویان ژمارە (٧١٨٩) لە ٢٠٢٢/٨/١٤، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی (سامانە سروشتییەکان، دارایی و ئابووری) بۆ ئامادەکاریی پێویست بۆ پشتیوانیی دابەشکردنی نەوتی سپی بە تایبەتی بۆ ناوچە سارد و شاخاوییەکان هاوشێوەی ساڵانی پێشوو بەپێی خشتەی ئاماژەپێدراو لە نووسراوی سەرەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

٢. ڕاسپاردنی هەردوو بەڕێزان وەزیری سامانە سروشتییەکان بە وەکالەت و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا بۆ پەیوەندیی بە وەزارەتی نەوتی عێراق و دابینکردنی بەشی هەرێمی کوردستان لە سووتەمەنی.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**